# هەڵەبجە وێنەیەکی تری دیموکراسیەتە کوردیەکەی نیشاندایین

محەمەد حسین

muhemedhusen@yahoo.com

ئەمەیە ئەو دیموکراسیەتە کوردیەی کە جەنراڵە پیرەکەی ئەمریکا ( جی گارنەر ) بەهیوا بوو ببێتـە نمونەیەك بۆهەمووو عیراقو , جارناجارێك سەرکردەحیزبییەکانی خۆیشمان وتارە سیاسیەکانیانی پێ ئەڕازێننەوە . بینیمان لەسایەی ئەم دیموکراسیەتەدا چۆن وەڵامی نارەزاییە مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان ئەدرێتەوە , ئەم ڕوداوەی 2006/3/16 نمونەیەکی ڕوونی ئەو عەقڵێیەتە سیاسیەیە کەلەکوردستاندا هاوکێشەی نێوان دەسلاْتدارو خەڵکی ئاڵۆز کردووە . ئاسایشەکانی حوکمەتی هەرێم چەندە گولە لەکلاْشینکۆفەکانیاندا هەبوو تەقاندیان , وەك چۆن فرۆکەوانەکەی عەلی کیمیاویش هەر ئەو برە گازە خەردەلەی پێبوو کەهەمووی هەلْڕژاند , لەهەردوو حاڵەتەکەدا هەڵەبجەییەکان تەنها ڕۆڵی قوربانیەکە ئەبینن , ئیتر وێنەی جەلادەکە ئەگۆڕێت یان نا , ئەوا باوەڕناکەم هیچ لەئازارەکانی ئەوان کەمکاتەوە . وێنەکانی هەڵەبجە هەمیشە حەقیقەتی کردەوەکانی سەدامی پێ نیشانئەدرا , بەلاْم لەدوای 2006 /3/16 , وێنەیەکی تری ڕوناکی ئەو دەسلاْتدارێتیەمان پێ نیشان ئەدات کەئەیەوێت ببێتە نمونە بۆ ناوچەکانی تری عیراق !

دوای کەلارو ئاکرێ و خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و سەلاحەدین , ڕەوتێکی نوێ لەخەبات و نارەزایەتی مەدەنیانە دروست بوو , ئەم ڕەوتە هەمووجارێك توشی سەرکوتکاری و گوێپێنەدان و بەگولە دەمکوتکردنی دەسلاْتدارانی حکومەتی هەرێم ئەبێتـەوە . ئەگەر چی ئەوانەی بەم خۆپیشاندانانە هەڵئەسن زۆربەیان خوێندکارو لاو و خەڵکی هەژارو بێبەشی ئەمشارانەن کەلەبنەڕەتدا , نە چەکیان هەیە تەقەی پێبکەن , نەلە دروشمەکانی داواکاری ئاوو کارەباو سوتەمەنی و خزمەتگوزاری زیاتر هیچی تریان هەیە بەدەستیەوە بگرن , نەخۆپیشاندانەکانیشان لەو جۆرەیە کەوادەسلاْتدارە ستەمکارەکانی ڕۆژهەلاْتی ناوین ئەڵێن ( گوایە مەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیمان هەیە ! ) , شێوازی ئەم ڕەوتە نارەزاییە ئەو شێوازەی یاخی بونی مەدەنیانەیە کەلە ( گاندیەوە ) بۆتە جوانترین مۆدێلی خەباتی مەدەنیانە و وەك باشترین شێوازیش بۆخەباتی ناتوندوو تیژی لەجیهاندا ناسراوە . بەلاْم هەمووجارێك ئەم شێوازە شارستانیەی خەبات توشی گڕی گولەکانی ئاسایشە کانی حوکمەت ئەبێتـەوە , دواتریش فۆرمی ئاژاوەیەکی پێ ئەبەخشرێت , بۆئەوەی بووقە ئایدۆلۆجیەکانی ماسمیدیای حیزب بکەوێتە ناشیرین کردن و ناوزڕاندنی چالاکە تێکۆشەرەکانیان . گرفتی گەورەی ئەم هاوکێشە یە ئەوەنیە خەڵکی کوردستان نازانن تەعبیر لەتورەییەکانی خۆیان بکەن بە شێوەیەکی شارستانیانە , بەڵکو نەزانینی دەزگائەمنیەکانی کوردستانە لەهەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەم شێوازە مەدەنیەی نارەزایی دەربرینی خەڵك , کەشێوازێکی زۆر شارستانی ترو دیموکراسی ترو جوانترە لەهەموو ئەو شێوازانەی تائێستا عەقڵی سیاسی حیزبەکوردیەکان بەرهەمی هێناوە . چیرۆکی حکومەتی هەرێم لەتەك ئەم خۆپیشاندانانەدا , وەك چیرۆکی ئەو پیاوە قەزەمە وەهایە کەجلی پاڵەوانێك ئەکرێتە بەری و نازانێت پێوە ڕێبکات , ئەم شێوازە نارەزاییە گەر بهاتایەو بەشێوەیەکی دیموکراسیانە هەڵسوکەوتی لەتەکدا بکرایە , ئەوا بەڕاستی ئەو وێنەی ئەبەخشیە ئەزمونی کوردی کە وەك نمونەی دیموکراسیەتێکی جوان خۆی دەرخات , ڕێك ئەبووە جلی پاڵەوانەکە بۆی . بەلاْم دیارە ئەم حکومەتەی ئێمە لەوە قەزەم ترە ئەم جلە جوانە لەبەرکات . لەبنەڕەتدا سیاسیەکانی ئێمە نازانن و فێرنەبوون لەتەك ئەم شێوازە مەدەنیانەی خۆپیشاندانندا هەڵسوکەوت بکەن , ئەو عەقڵێیەتانەی ئێستا دەزگاکانی ئاسایشی هەرێم ئەبەنە ڕێوە تائێستایش بەمیزاجی شەڕی ناوخۆوە هەڵسوکەوت لەتەك ئەو گەنجانە ئەکەن کەئەیانەوێـت سنورێك بۆ عەقڵێیەتە کارەساتبارەکانیان دابنێن .

قەدەری هەڵەبجەییەکان وەهایە کەهەموو3/16 یەك ئەبێت ئاگرباران بکرێن , دوێنێ ئاگری بەعس و ئەمرۆیش حکومەتی هەرێم . بێگومانم تائەم حکومەتەیش بمێنێت لە زمانی ئاگرو سەرکوتکردن بەگولە نەبێت هیچ زمانێکی تر فێرنابێت بۆئەوەی دیالۆکی لەگەڵ هاووڵاتیە نارازیەکانی خۆیدا پێبکات . هەڵەبجە دەری خست کەئەمانە هیچ دەرسێکیان لەکەلارو ئاکرێ وەرنەگرتووە . ئەم حکومەتە بەئیعترافی وەزیرو سەرۆکەکانیان توشی دەیەها دەردی پیس پیسی گەندەڵی بوون , لەهەمانکاتدا هاشەو هوشەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشی لێ دەرچێت هیچ پرۆژەیەکیان بۆچاکسازی پێ نیە . لێرەدا بەڕونی ئەوەمان نیشانئەدەن کە هیچ مەناعەیەکیان نەماوە بۆچاکبونەوە لەدەردەکانیان . زۆر بەسادەیی دەشێت بڵێین توشی ئایدزی گەندەڵی بوون . تەنها خیارێکیش لەبەردەم خەڵکی داماوی کوردستاندا هەبێت خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزاییە لەبەرامبەر ئەو دۆخە خراپەدا , کەچی دەبینین بەم جۆرە وەڵامی نارەزایەتیەکانیان ئەدرێتەوە . هەربۆیە باشترین ناوێك لەم دیموکراسیەتە کوردیەی بنێین و بشێت بەویژدانەوە بێت , دیموکراسیەتی گولەبارانکردنە .

هەڵەبجە کەدوای ڕاپەڕین لەبەعس قوتار بوو , نەیانهێشت تەواو ئاوەدان بکرێتەوە کۆرسەکانی شەڕی ناوخۆ تیایدا دەستی پێکرد . حیزبی چەکدار نەما لەم دەڤەرەدا وانەی خۆی نەخوێنێت و دەست و پەنجەی خۆی بەشەڕکردن لەم ناوچەدا نەرم نەکات . ترسناکترین مۆدێلی دیل کوشتن , تاڵانی کردن , کاولکردن , شاربگیری , شاربەدەرکردن , لەسەر دەستی ئەم حیزبانە لەم ناوچەیەدا بینرا . هەر لەم ناوچەیەوە ئەبو موسعب زەرقاویان هێنایە عێراقەوە . لەلایەکەوە ئەیانویست بیکەنە وێستگەی گواستنەوەی ئەمیرەکانی قاعیدە لەئەفغانستانەوە بۆرۆژهەڵاتی ناوەڕاست , لەلایەکی تریشەوە ساروخە زیرەکەکانی ئەمریکایان پیائەکێشا , بەکورتی و بەکوردی , ئەوەی خەڵکی هەڵەبجە لەسەر دەستی بەعس چەشتیان زۆر جیاواز نەبوو لەوەی لەسەر دەستی حیزبە کوردیەکان بەسەریاندا هات . ئەبێت لەم گۆشە نیگاوە لەو تورەییەی گەنجە هەڵەبجەییەکان تێبگەین کەئاگریان لە یادگاری هەڵەبجە بەردا . پێم وانیە کەسێك هەبێت لەم جیهانەدا هێندەی گەنجە هەڵەبجەییەکان خۆیان بەسوتاندنی ئەو یادگارە برینەکانیان کولابێتەوە , بەڵام ئەوەکێ بەرپرسە لەدروست کردنی ئەو هەستە لای خەڵکی هەڵەبجە کەوا ئەزانێت ئەو یادگارە تەنها کەناڵێکە بۆبزنسی سیاسی و هیچی تر .